# هەنگاوێك بۆ پێشەوە  لە پێناو چارەسەری كێشەی كەركوك دا!

**سامان كەریم**
zaryak@yahoo.com

لە وتارێكدا سەبارەت بە كێشەی كەركوك كە لەژمارەی پێشوی ئۆكتۆبەردا بلاوبۆتەوە بەنێوی " كەركوك بومبێكی تەوقیتكراوە، پێویستە فتیلەكەی دەربكێشین" باسێكم كردوە سەبارەت بە ڕیگا چارەی بزوتنەوە سیاسیە جیاوازەكانو لەویدا ڕیگای چارەی كۆمۆنیزمی كرێكاریم بۆ ئەم مەبەستە  گرێداوە بە مەسەلەی جیابونەوەی كوردستانو پێكهینانی دەولەتەوە. بەلاّم ئەم ڕیگا چارەیە وەك هەر ڕێگا چارەیەكی دیكە بیٚ سەر ئێشەو ئاسان ناچێتە پێشەوەو لەهەمان كاتدا ناتوانیت وەلامیكی دەستو بردو فەوری بە كێشە قولەكانی خەلكی ئەمشارە بداتەوە. لەو ووتارەدا باسەكە ئەوەیە كە چۆن كێشەی كەركوك بەتەواوی چارەسەر بكرێت. واتە ئاسۆی رزگار بونی خەلكی ئەمشارە نیشان دەدات لە كێشەی ئەمڕۆیان.

تا ئەوكات خەلكی كەركوك چی بكات؟ چۆن وەلامی كۆسپەكانی ئێستایان بدەنەوە لە نەبونی ئەمنیەتو بەرگرتن بە شەری قەومی؟ لە بەهیزكردنی گیانی پێكەوە ژیانو تەبایی نیوان نەتەوەو ئاینە جیاوازەكانی ئەمشارە كۆسپی ئاوارەكانو جیگاو ڕیگایان چی بەسەر دێت؟ خزمەتگوزاریەكان چۆن بچیتە پێشەوە؟..

لەوەلامی ئەم پرسیارانەدا، مەسەلەی ئەصلی ئەوەیە كە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی وە كۆمۆنیزمی كرێكاری لەمشارەدا ببێتە هێزیك كە بتوانیت وەلام بەم نیازانە بداتەوەو هەول بدات وەلاّمی دانەدانەی ئەو پرسیارانە بە شێوەیەكی فعلیو مەلموس بداتەوە. ئەگەر نا هەر سیاسەتو هەنگاویكی عەمەلی بیٚ ناوەرۆك دەمینێتەوە. هەر هێزیك لە هێزەكان كە لەژمارەی پێشوی ئۆكتۆبەردا باسیان كراوە، لە ڕیگای هیزو میلیشایی خۆیانەوە توانیانەوە دەسەلاتی خۆیان فەرز بكەن بەسەر بەشیك لە خەلكی ئەمشارەدا لە ژێر ناوی نەتەوەو تائیفەو ئایندا. كێشەی سەرەكی ئەمشارەش لەنباغەوە هەر ئەو دابەش بونەیە كە حزبە سیاسیە بورژوازییە قەومیو ئیسلامیەكان بە كوردو عەرەبو توركمانو كلدو ئاشورو شیعەو سوننەوە، ڕۆژ بەڕۆژ لەهەولی قولكردنەوەیدان.  تەوەرەی سیاسی سەرەكی ئێمە لە كەركوكدا پێویستی هێنانە مەیدانی هیزێكی كاریگەرە كە بتوانێت هیز هاوسەنگی سیاسی لەنێو خەلكی ئەمشارەدا بگۆریت بە قازانجی كۆكردنەوەو ریكخراوكردنو یەكگرتوكردنی خەلكی ئەمشارە بەدەوری پێكەوە ژیانیكی ئینسانی لەمشارەدا.

تەوەرە سەرەكیانی گۆڕانی حزب بە هێزیكی كاریگەر لە كەركوكدا

لەمبارەوە لەئاستی حزبدا چەندین وتارو باسمان كردوە لە كۆبونەوەو پلینۆمەكانی كۆمیتەی ناوەندی حزبدا. لیرەدا پێویست بە دوبارەبونەوەی ئەو خالانە نیە. بەلكو ڕاستەوخۆ دەچینە سەر هەنگاوە عەمەلیو سیاسیەكان كە پێویستە وەك هەنگاوی عەمەلیو فەوری چاویان لێبكرێت.

یەكەم: پێكهێنانی ڕیكخراوی حزبی لە شاری كەركوك. تا ئێستا كەركوك لەباری ریكخراوەییەوە وەكو كۆمیتەیەك بوە. بەلاّم بە حوكمی هەلومەرجی جیاوازی شاری كەركوكو بونی كێشەیەكی قول لەمشارەدا، پێویستە حزب لەباری ڕیكخراوەییەوە ڕیكخراوێكی تایبەت بەمشارە دابمەزرێنێتو وەك ڕێكخراوێكی سەرەكی خوی چاوی لێبكاتو ڕاستەوخۆ لەلایەن دەستەی كارگێری مەكتەبی سیاسیەوە سەرپەرشتی بكرێت. كۆمیتەی رابەری ئەم ڕیكخراوە پێویستە لەلایەن كۆنفرانسی فراوانی كادرانو ئەندامانی ئەمشارەوە هەلبژێردێت.

دووەم: ئیبرازكردنی حزبو كەسایەتە ناسراوەكانی حزب لەمشارەدا وەك مەرجەعێك بۆ وەلامدانەوە بەكێشەكانی خەلكو ڕابەرو پێشەنگی ناڕەزایەتیە جەماوەرییەكان لەپێناو خواستەكانیاندا. لەڕیگای:

ئەلف: دەخالەتی ڕاستەوخۆو فەوری لە ناڕەزایەتیە جەماوەرییەكاندا. هەولدان بۆ ئالوگۆر پێدانی كادرانو هەلسوڕانی حزب لەمشارەدا بە ڕابەرانو كەسانی ناسراوو هەلسوڕاوی ناڕەزایەتیە جەماوەریو كرێكارییەكان. هەروەها دەخالەتی فراوانو ڕیكخراو بۆ بە حزبیكردنی هەلسوڕانو ڕابەڕانی ناڕەزایەتیەكان لە ڕیگای جۆراوجۆرەوە.

ب: بەهێزکردنی گیانی ڕیکخراوبونو یەکگرتووبون لە نیو ریزی جەماوەری ناڕازیو کرێکارانی بەشە جیاوازەکاندا بەتایبەت کرێکارانی نەوت. دەخالەتی چالاکانە لە پێکهێنانی ریکخراوە جەماوەریو کرێکارییەکاندا.

د: فەعالکردنی مقەری حزب لە کەرکوك بەوینەی مەرجەعێك، کە خەلکی ئەمشارە بۆ وەلامی کێشەکانی خۆی ڕوی تیدەکات.

هـ: بەهێزکردنی ڕاگەیاندنی حزب لە شاری کەرکوك بەجیا لە ڕاگەیاندنە سەراسەرییەکان. سود وەرگرتن لە هەر فرسەتیك کە دیتە پێش بۆ ئبرازکردنی کادرانو کەسایەتیەکانی حزب.

سێهەم: دەستبردن بۆ میکانیزمی جیاوازی حزبیو جەماوەری بۆ وەلامدانەوە بە کێشەکانی خەڵك. لە پێکهێنانی کۆمیتەکانی فریاکەوتن کە تایبەت بیت بە فریاکەوتنی قوربانیانی کارە تیرۆریستیەکان لە گەرەکەکاندا، تا دەگاتە پێکهێنانی کۆمیتەو لیژانی جیاواز بۆ سەرپەرشتیکردنی دابەشکردنی سوتەمەنیو، لیژانی نوینەرانی گەرەك بۆ کاروباری خزمەتگوزاری گەرەکەکان.

چوارەم: چەکدارکردنی کادرانو هەڵسوڕاوانی لاو و تازەکار بە مەنصوری حیکمەتو باسە سەرەکیەکانی کۆمینزمی کرێکاریی...

بەبڕوای من بردنە پێشەوەی ئەم هەنگاوە سیاسیو عەمەلیانە بە هاوشانی بونی ئاسۆیەکی سیاسیو چەکدارکردنی کادرو هەڵسورانی حزب بەشیوەیەکی بەردەوامو ریکخراو بەم ئاسۆ سیاسیە کە لە ژمارەی پێشودا ئاماژەمان پیداوە. دەتوانێت حزب هەنگاویکی گونجاو بباتە پێشەوەو بیخاتە سەر ڕیچکەی کۆکردنەوەو ریکخراوکردنی ژمارەیەکی بەرفراوان لە خەلکی کرێکارو ستەم دیدەو لاوانو ژنانی ئەمشارە. بەم پێیەش ئەم هەنگاوانە، حزب دەخاتە سەر سەرەتای ڕیچکەی خۆی لە  لە راستای ڕیگە گرتن لە ڕودانی شەری قەومی لەمشارەداو دابین کردنی ئەمنیەت تیایدا لایەنی کەم لە گەرەکیك یان چەند گەرەکێکدا، کە ئەمە هەنگاوی یەکەمە لە ئیستراتیژی گۆرینی حزب بە حزبیکی کاریگەری سیاسی. لەمبارەوە ڕیکخراوی تازەی کەرکوك پێویستە بە پێی تواناو ئیمکاناتێك کە لەبەردەستیدایە لەباری هیزی ریکخراوی کۆمۆنیستیو نفوزی کەسایەتیەکانی حزب  لە و شوێنانەدا ئەولەویەتی خۆی بۆ دەستپیکردنی ئەم کارانە دیاری بکاتو وەك ناوچە یان گەرەکیکی دیاریکراو هێزیکی زیاترو ئیمکاناتێکی زیاتر لەم شوێنەدا سەرف بکاتو نەخشەیەکی وردتر بۆ ئەم شوێن یان ناوچەیە دیاری بکات.